Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10317

# ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی شێوە ئاخاوتنی کەرکوك

**بەهار عەبدوڵا عەلی[١]، ئازاد ئەمین فەرەج[٢]**

١- وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی کەرکوک، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کەرکوک، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەتڵەسی دیالێکتی کۆمەڵێک نەخشەی زمانیە ، ئاماژە بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی فۆڕمێکی زمانی دەکات لە سنوری ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، ئەم دیاریدەیەش بە دیالێکتۆلۆجی جوگرافی دادەنرێت. دیالێکتناس هەندێک فۆڕمی زمانی هەڵدەبژێرێت ،جیاوازی (فۆنێمی ،سینتاکسی ،لێکسیکی ) بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی دەستنیشانکراو لەسەر نەخشەی جوگرافی نیشان دەدات.لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی بگۆڕی زمانی بکێشرێت و شیبکرێتەوە ، بگۆڕەزمانییەکانی لێکۆڵینەوەکە تەنها بگۆڕی فۆنێمین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی (وەسفی - میدانی)ئەنجامدراوە ،بەڵام لەڕووی ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانیەوە پەیڕەوی ڕێبازی( فەرەنسی )کراوە ، نووسینی گۆڕاوەکان بەڕێنوسی (IPA) نوسراون ، واتا بە ڕێنوسی ئەلفوبێی دەنگی جیهانی ، جیاوازی وەکیەکی بگۆڕە هەڵبژێردراوەکان لەسەر نەخشەی جیاجیا لە ڕێگای هێمای تایبەتەوە دەستنیشانکراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی شێوە ئاخاوتنی کەرکوك)ە، لە دووبەش پێکهاتوە: بەشی یەکەم لایەنی تیۆریە ، لە دوو بەند پێکهاتوە :(بەندی یەکەم : کورتەیەك لەسەر پارێزگای کەرکوك ، قەزا و ناحیەکانی سەر بە سنووری پارێزگای کەرکوك، شێوەئاخاوتنە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکوك کراوە ،بەندی دووەم: باس لە چەمک و زاراوە و پێناسەی دیالێکتۆلۆجی ،جۆرەکانی دیالێکتۆلۆجی کراوە )، بەشی دووەمیش لایەنی پراکتیکییە ، پێکدێت لە شیکردنەوەی بگۆڕی زمانی ،بە شێوەی وشە و هێما لەسەر نەخشەی جیاجیا دەستنیشان کراون ، لەگەڵ پێشەکی ، ئەنجام ، پوختەی باس بە زمانی عەرەبی ،ئینگلیزی ، لیستی سەرچاوەکان ، پاشکۆ.

***Article Info***

Received: January, 2023

Revised: January, 2023

Accepted: February, 2023

***Keywords***

ئەتڵەسی، فۆنۆلۆجی، ئاخاوتن.

***Corresponding Author***

## پێشەکی:

### ١ . ناونیشانی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی شێوە ئاخاوتنی کەرکوك) هەوڵدراوە بگۆڕی زمانی شێوە ئاخاوتنی کەرکوک بکێشرێت و شیبکرێتەوە ، بگۆڕە زمانییەکانی لێکۆڵینەوەکەش بگۆڕی فۆنێمین.

### ٢. گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

تۆمارکردن و پاراستنی فۆڕمە زمانییەکانی شێوەئاخاوتنی کەرکوک و نیشاندانیان لەسەر نەخشە ی جوگرافی، دەبێتە هەنگاوێک بۆپاراستنی ئەو شێوەئاخاوتنە کەرەستەیەکی خاو بۆ لێکۆلینەوەکانی داهاتوو.

**٣. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** بەگشتی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەمانە:

١- دەستنیشانکردن و دابەشبوونی جوگرافی فۆڕمی زمانی ئاستی فۆنێمی شێوە ئاخاوتنی کەرکوك ، ئامادەکردنی ئەتڵەسی زمانی.

٢- دیاریکردنی شێوەئاخاوتنە جیاوازەکانی سنوری پارێزگای کەرکوک.

٣- بەگوێرەی بگۆڕە زمانییەکان سنوری وەکیەکی شێوەئاخاوتنی کەرکوک دیاری دەکرێت.

## ٤. ڕێبـــازی لێکـــۆڵینەوەکە ،کـــۆکردنەوەی فـــۆرمە زمانییەکان:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕووی ڕێبازەکانی زمانەوانیەوە پەیڕەوی ڕێبازی وەسـفی مەیـدانی کـراوە ، بەڵام لە ڕووی ڕێبازی دانـانی ئەتـڵەسی زمــانیەوە پەیـڕەوی ڕێبــازی (فەڕەنسی_) کــراوە ، هەوڵـدراوە بە پـێی ئەم شـێوازە یاسـافۆنۆلۆجییەکان لەشـێوە ئاخاوتنی کەرکـوک شـیبکرێتەوە و بخـرێتەڕوو .فـۆرمە زمـانیش بەشـێوەی مەیـدانی کـۆکراونەتەوە و بگـۆڕە زمانییەکان بگـۆڕی فۆنێمین.

## ٥.گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:

١- ئایا چەنـد دیالێکـت و شـێوەئاخاوتن لەسـنوری پارێزگای کەرکوک بونی هەیە.

٢- ئایا بگـۆڕی زمانی ئاسـتی فـۆنێمی بە پـێی شـوێنی جـوگرافی لە شێوەئاخاوتنی کەرکوکدا دەبینرێت.

## ٦. پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١- ئایا چەنـد شـێوە ئاخـاوتن لەسـنووری پارێزگای کەرکـوک بوونی هەیە.

٢- ئایا هەریەکە لەو شێوە ئاوخانتنانە دەچنەوە سەرکام لق لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی؟

٣- ئایا گۆڕانی فۆنۆلۆجی لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک دەبینرێت؟

٤- ئایـا گــۆڕاوە فۆنۆلۆجییەکــان لە ناوەنــدی کەرکــوک و دەوروبەری کەرکوک وەکو یەکن ؟

## ٧. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکـۆڵینەوەیە جـگە لە پێشـەکی و ئەنجـام ، لەدووبەش پێکهاتوە. بەشی یەکەم لایەنی تیۆریە ، لە دوو بەند پێکهاتوە. (بەنـدی یەکەم :کـورتەیەك لەسـەر پارێزگای کەرکـوک، قەزاو ناحیەکـانی سـەر بەپارێزگـای کەرکـوک ، شـێوە ئاخـاوتنە جیاوازەکانی سنوری پارێزگای کەرکوکە کراوە، بەندی دووەم : چەم و زاراوە و پێناســــەی دیــــالێکۆلۆجی ، جۆرەکــــانی دیالێکتۆلۆجی ) باس کراوە.

لەبەشی دووەمدا بگۆڕە زمانیە دیاریکراوەکان شیکراونەتەوە و ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی بۆ هەر یەکەیان کێشراوە

## بەشی یەکەم : چوار چێوەی تێۆری لێکۆڵینەوەکە :

## ١-١ - بەنـدی یەکەم : کـورتەیەک لەسـەر پارێزگـاری کەرکوک

### 1-1-1- پارێزگای کەرکوک:

کەرکــوک گەورەتـــرین شــاری باشــوری کوردســـتانە، لەسـەردەمەکانی بەر لە مـێژوو شـوێنێکی ئـاوەدان گـرنـگ بـووە خـاوەنی شارسـتانیەتی وەك: (چەرمـوو ،مەتـارە، قـادشی گەورەو بچوك) بووە، لە کۆندابە (ئارابخا ) یان (عەرەفە) ناسراوبووە. (شـوانی :٢٦:٢٠٠٥)پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی سنوری هەرێـمی کوردسـتاندا پانتـاییەکی بەرفـراوان دەگـرێتەوە سـنورە کۆنەکەی دەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆس و هەردوو ڕووباری زێی بچـوك و دیجلە و چیاکانی حەمرین و ڕووبـاری سـیروان ( دیالە) ،ئەم پارێزگایە هاوسنوری چەند شارێکی عێراق و هەرێمە ، لە باشـوری ڕۆژهەڵاتەوە لیـوای دیالە ،لە بـاکوری ڕۆژئـاواوە لیــوای هەولــێر و بەشــێک لە لیــوای موســڵ ، لەباشـــووری ڕۆژئــاواوە لیــوای بەغــداد و بەشــێک لە دیــالە لەبــاکوری ڕۆژهەڵاتەوە لیـــوای ســـلێمانی .(تاڵەبـــانی:٩:١٩٩٥) ئەم ناوچەی دەکەوێتە سەرهێڵی پانی (٣٤ - ٣٦) ، هێڵی درێژ (٤٤ - ٤٦) ، لە چــوار چێـوەی هەرێـمی کوردســتان ڕووبەرەکەی (٢١٠٠٠کــم٢) یە ، بەڵام لەئەنجـــامی حکـــومەتەیەک لە دوایەکەکانی عـێراق بەتـایبەتی لەسـەردەمی حکـومەتی بەعـس ڕووبەرەکەی یەکجارکەم کراوەتەوە ، لەساڵی ١٩٩٣ گەیشتۆتە (٩٦٣٩کــم٢) و یەکە ئیــدارییەکانی ئەم پارێزگــایە لە (٣٢) یەکەوە بۆتە (١١) یەکەی ئیداریەوە .(کەریم :١٩:٢٠١٩).

ئاوی خاسە شاری کەرکوک دەکات بە دوو بەشەوە بەشێکیان بە(بەری قەڵا) بەشەکەی تریشیان بە (بەری قۆریە) ناسراوە ، بە پێی ئاماری ساڵی (٢٠٢١) ژمارەی دانیشـتوانی (١٦١٥٠٠٠) کەســە و پێکهــاتوە لە (کــورد ، عەرەب تورکمــان ، کلــدان ، ئاشـوورو سریـان) کەرکـوک لە کوردسـتانێکی بچـوک دەچێـت هەموو ئەو نەتەوانەی لە کوردستان هەن لەکەرکوکدا بوونیان هەیە ، تاکو ئێستا بە پێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی عێراق کورد زۆرینەی دانیشـتوانی ئەم شارە پێکدەهێنێ.

### ١-١-٢- قەزا و ناحییە سەر بە پارێزگای کەرکوك:

**پارێزگای کەرکوك لە ( ٤ ) قەزاو ( ١٥ ) ناحییە پێکهاتووە :**

١. قەزای کەرکوك. ناحیەکانی :ناوەند ، پردێ " ئاڵتون کۆپری" ،شـوان " ڕێـدار" ، لەیـلان " قەرەحەسـەن" ، قەرەهەنجـیر ، تازەخورماتوو ، یایچی ، مەلاعەبدوڵا " مولتقی" .

٢. قەزای دووبز. ناحیەکانی : ناوەند ، سەرگەڕان .

٣. قەزای حەویـجە .ناحیەکـانی : ناوەنـد ،ڕیـاز ، عەبـاسی " الجبور " شەك " زاب "

٤. قەزای داقــوق .ناحیەکــانی : ناوەنــد ، ڕەشــاد . ( پــیرە ( ١٢٥:٢٠١٧:

### ١-١-٣- شێوە ئاخاوتنەکانی سنووری پارێزگای کەرکوك:

کەرکـوك بە یەکێـك لە شـارە گرنگەکـانی کوردسـتان و عـێراق دادەنرێـت لەڕووی پێکهـاتەوە ، فـرەنتەوە بـە ، فـرە دیالێکـت و فـرە شـێوە ئاخـاوتنە وەی بەلای ئـێمەوە گـرنگە تیشك خستنە سەر دیالێکت ولق شێوە ئاخاوتنە جیاوازەکانی ئەم پارێزگاییە.

#### 1-1-3-1- شێوەئاخاوتنی زەنگەنە:

زەنـــگەنە یەکـــێکە لەعەشـــیرەتە گەورەکـــانی نەتەوەی کورد،کوردســـتانی گەورە بەتـــایبەتی لەباشـــوری خـــۆرهەڵاتی کوردستان.(میرسـمایلی زەنـگەنە)دوای دامەزرانـدنی میرنشـینی زەنگەنە لە ( قەیتول ) نزیک کەرکوک،ساڵانێکی زۆرحکومڕانی کردووە،بایەخێکی زۆری بەبواری ئاوەدانکردنەوەوخوێندەواری لەوسەردەمەداوە،میرنشـینی زەنـگەنە بەناوەنـدێکێ ڕۆشـنبیری بۆگەلێک زانا لەبواری ئەدەب وزانست،چەندان کەڵەشاعیری پـــــایەبەرز ســــــەریان هەڵـــــــداوەوەک:(حەمەئاغای زەنگەنە،زەبوی،ئاغـای زەنـد،حەمە ئاغـای ئەلقـاس بەگ). (ئەحمەد:٢٠١٥:٨:)

هـۆزی زەنـگەنە لە کەرکـوک و لـە ناحیەکانی دەوروبەری کەرکوک نیشـتەجێن ڕێژەبەرچاو لە دانیشـتوانی شـارەکە پێک دەهێـنن، لە گونـدەکانی( مەلاهـۆمەر، تەپەی عەلی ، خـدران ، شێخ لەنگەرەرە بڵاغ ،......هتد) ئەم گوندانە سەربە ناحیەکانی قـادرکەرەم وقەرەتەپە و ســەرقەڵا و بێــواز،هەرلە نــاحیەی قـادرکەرەم (٦)هـۆزی گەورەی زەنـگەنە لە نـاوئەم نـاحیەیەدا کۆبـونەتەوە وەک:( جەبـاری ، شـێخان ، بەرزنـجە ، گـل ، تاڵەبانی )

ئەم هۆزانە لە شاری کەرکوک شێوەی ئاخاوتنیان سەربە زاری مـاچۆیەکە لقـێکە لە زاری گـۆران ، لە ناوشـاری کەرکـوک لە گەڕەکەکانی (شۆرجە ، ئیسکان ، ئازادی ، ئیمام قاسم عەرەفە ، ڕاپەڕین ، عەرەفە ).(سـەرکەوت :٢٠١١:٤٩)هـۆزی زەنـگەنە نەیان توانیووە پارێزگاری لە شـێوە ئاخاوتنەکەیان بکەن تەنها لای ڕیش سـپیو بەتەمەنەکان مـاوە لای نەوەی نـوێ سـواوە وبەکاری ناهێنن ڕەنگە هەرنەشزانن بەکاربهێنن.

### 1-1-3-2- شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانی:

ڕۆژبەیـانی بە هەمـوو کوردسـتاندا دابەشـبونە، بە شـێکیان نیشـــتەجێی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانن لە (کرماشان)،شـــیراز، گیلان،رامهرمـز) بەشـەکەی تریـان لە باشـوری کوردسـتانن وەک:(موسڵ، هەولێر، خانەقین ، گەرمیان ، کەرکوک ) شێوە ئاخـــاوتنی ڕۆژبەیـــانی جیـــاوازی زۆرە بەبەراورد بەشـــێوە ئاخاوتنەکـانی تـری زمـانی کـوردی. (مەلاجەمیـل) ڕۆژبەیـانی لەبارەی شێوەزاری ڕۆژ بەیانیەوە تیشک دەخاتە سـەرئەوەی کەڕۆژ بەیانی لەناودیالێکتە کانی زمانی کوردی( نیمچە دیالێکتە) ، لەم بارەیەوە دەڵێت: (( دیالێکتی ڕۆژ بەیانی تێکەڵەلەدیالێکتی (گـۆران-کەلهـوڕ))).ئەوانی وا لە کەرکـوک دەژیـن یەکـێکن لە هۆزە دیارەکانی شاری کەرکوک ، بەشێک لە شێوەزاری شۆرجە پێـک دەهێـنن ،لە نـاو کەرکـوک لە گەڕەکەکـانی (شـۆرجە ، ڕاپەڕین ، حوریە ) نیشتەجێن. لە دەرەوەی کەرکوک لە ناحیەی (قەرەحەسەن) ، هەروەها چەند خێزانکیان لە داقوق (بەشیر) سـەربەناحیەی (تـازە) جێگیربـوون . (فەرقـان) مەڵبەنـدی سـەرەکی ڕۆژ بەیانیەکانە ، لە گونـدەکانی ( تەبەلوکـۆنە ، عەلی ئـاوا ، بـان لـیلان ، یەحیاواو،خـدربەگی ژووروو ، خـدربەگ خـــواروو ، خـدر بـڵاخ ، بەیـانلو، وەســمان لەکـو ، بـاواو، خاڵۆبازیـــــانی ، تەرجیـــــل ) نیشـــــــتەجێن.(سروەبەکر عەزیـز:٢٠١٧:٢٨) ڕۆژبەیانیەکـانی نـاوکەرکوک لە نـاوخێزان وبنەماڵەی خۆیان بەشێوەزاری ڕۆژ بەیانی قسە دەکەن بەڵام لە دەرەوەی خێزانی خۆیان بەشێوەزاری کەرکوک دەدوێن ئەم شێوەئاخاوتنە نەتوانراوەوەک پێویست پارێزگاری لێبکرێت لە نێوەهەندێک خێزانی کاکەیی بەتایبەتی ئەوانەی ئاوارەی شارەکانی دەرەوەی کەرکـــوک بـــوون وەک هەولـــێر و ســـلێمانی دواترگەڕاونەتـوە کەرکـوک نەک هەر ناتوانن ئاخاوتنی پێبکەن بەڵکـو هەرتـێی نـاگەن تەنهـالەلای کەسـە بەتەمەنەکان مـاوە وبەکاری دەهێنن.

### 1-1-3-3- شێوەئاخاوتنی کاکەیی:

کاکەییەکـان لەسـەردەمانێکی کـۆنەوە نیشـتەجێی شـاری کەرکوکن ، پانتاییەکی فـراوانی ناوشـاری کەرکوکیان پێکهێناوە لەڕووی ڕێزمـان وقسـەکردنەوە سـەربە دیـالێکتی گـۆران دادەنرێـت، کەشـێوەزاری ( مـاچۆ) بەناوبـانگە (شـوانی : ٢٠٠٩:٨٣)

سەرەتا کاکەییەکان لە ناوشاری کەرکوک لە گەڕەکی ( موسەڵا و چـای) نیشـتەجێبوون، کە زیـاترلە حەوت سـەدە پـێش ئێسـتا هـاتونەتە ئەوگەڕەکانە ، بە بەڵگەی ئەوەی (ئیمـام ئەحـمەد) ڕابەرێکی دیاری کاکەییە کان بوە ، (هەمووکاکەییەکانی کەرکوک لە دەورووبەری ئیمـام ئەحـمەد کۆبـونەتەوە ، بەڵام بەهـۆی زۆربوونی ژمارەیان لەساڵی (١٩٦٠) ەوە بەگەڕەکەکانی دیکەی شـاری کەروکـدابڵاوبونەتەوە). وەک گەڕەکەکـانی (شـۆرجە ، ڕەحـیم ئـاوا . عەسـکەری ، ئەسرامە فقـودین ، یەکی ئـازار، عەدەن ، یەکی حوزەیران برایەتی ، ڕێگای بەخداد، ئیسکا ن ، پە نجـاعەلی) لە دەورووبەری کەرکـوک لە نـاحیەی لە یـلان و گونـدی (بـاواو) ، لە نـاحیەی داقـوق لە گونـدەکانی (عەلی سەرای ، زەنبر، ئەلبوو محەمەد ، عارەب کۆیی ، گومبز، تۆپزاوە ، سـەید عەلی ، دەلسی۔گەورە و بچـوک، مەتـین ، سـێکانیان ، بان شاخ) .( عبدالرحمن:٢٠٢٢:١٤)

هەمـــووخێزانێکی کـاکەیی پابەنـــدن بەزمـــان ودابـــونەریتی ناوکاکەییەوە ، هـۆزی کاکەیی هەر وەکودیارە پرەنسـیپ وداب ونەریتی خۆیان هەیە لەسەری دەڕۆن،هەرتاکێکی ناو ئەو هۆزە لەو دەســتورە لانـادەن زۆربە وردی پەیـڕەوی زمـانی خۆیـان دەکەن گەورەوبچوکیـان هەربە و شـێوەزارە قسـە دەکەن ، لە بەرئەوەی کاکەییەکـان لە کەرکـوک بە زۆربەی گەڕەکەکـان جیاجیا کان بڵاوبوونەتەوە ، ئەو کاکەییانەی لە گەڕەکی شۆرجە نیشتەجێن لە دەرەوەی خێزانی خۆیان بە شـێوەزاری گەرمیـانی ئـاخوتن دەکەن ، هەرلە شـۆرجە گەڕەکێـک هەیە بە نـاوی گەڕەکی کاکەییەکان ، ئەو کاکەییانەی ئیسکان ، ڕێگای بەغدادن

بە شێوه ئاخاوتنی ئیسکان وئیمام قاسم دەدوێن ، ئەوکاکەییانەی کە لە گەڕەکە تورکمان وعەرەب نشینەکانن کاریگەری زمانی عەرەبو تورکمانیان پێوه دیاره ئەوەی لێرەدا بۆمان دەرکەوتوه ئەوەیە ئاین ودابوو نەریتو پرەنسیپی تایبەکاکاییەکان هۆکارێکی گرنگ بوه بۆمانەوەو پارێزگاری کردن لە شێوەئاخاوتنەکەیان لە چاوشێوه ئاخاوتنەکانی تر ناوپارێزگاکە ئەگەر بەراوردیان بکەین.

**1-1-3-4- شێوەئاخاوتنی شێخان:**

ئەم هۆزە بەشێکی دیاری ناوشاری کەرکوک پێکدەهێنن ؛ لە ناوکەرکوک لە گەڕەکەکانی شۆرجە ، حوریە ، ڕاپەڕین ، ئیمام قاسم ، ئیسکان ، ئازادی ،....هتد وە لە دەرەوەی کەرکوک لەناحیەی قادرکەرەم ، نەورۆزنیشتەجێن وە لە گوندەکانی دەوروبەری ناحییەی قادرکەرەم ، قە لخانلوی ، گوندەکانی قەشقە و پۆڵە و چەم سورخاو، قەڵامیکایل و چەند گوندێکی تر نیشتەجێن.

ئەم هۆزەشێوەئاخاتنیان زاری (ماچۆیە) لەڕوی یاسارێزمانیەکان ورۆنانی ڕستەوە هەروەکو شێوەزاری زەنگەنە وکاکەیی وایە (فاتح: ٢٠١:٥٠).

ئەوانەی وا لە گەڕەکەکانی ناو شۆرجە نیشتەجێن لە نێو خێزانی خۆیان بەشێوە ئاخاوتنی شێخانی دەدوێن بەڵام ئەوانەی وا لەگەڕەکەکانی وەک ئیسکان ، ئیمام قاسمن بە شێوەزاری ئیسکانی و ئیمام قاسمی دەدوێن کەشێوە زاری ناوەڕاستە.

**1-1-3-5 - شێوەئاخاوتنی شوان:**

ئەم شێوە ئاخاوتنە بەشێکی گەورەی ناو شاری کەرکوک پێک دەهێنێت و دەکرێت بە دووبەشەوە شوانی سەرخاسە وشوانی کێشک ، ( شوان گە لە هۆنێکی گەورەیە لە باکوری شاری کەرکوک لە نێوان ڕووباری زێی خاسە نیشتەجێن ).(حوسێن:٢٠١١:٥٢)

**أ- شوانی سەرخاسە:** هەمان شێوە ئاخاوتنی کەرکوکە کە لەزاری کرمانجی ناوەڕاست نزیکە و لەگوندەکانی ( ئیلنجاغ ، ئۆمەرمەندانە ، قەرەبڵاخ ، مامرەش ، قادرعەلی ، ئۆمەربەگ ، مامرەش،..) چەند گوندێکی تر نیشتەجێن.

**ب- شوانی کێشک:** بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ئاخاوتنەوە لە شێوەئاخاوتنی کەرکوک جیاوازن ، ڕێزمانەکەیان دەچێتەوە سەر(زاری لوڕ) ، ڕێزمانی ئەم زارە وە لەڕووی دەنگسازی ، وشەسازی ، ڕستە سازییەوە دەچێتەوە سەر زاری کوردی باشورکە ( لوڕی ، فەیلی ، لەکی ، کەلهوڕی ، کرمانشانی ، خانەقین ، گەڕوسی) دەگرێتەوە ، ئەم شێوەزارانە دەکەونە بەشی باشوری کوردستانی گەورە لە خانەقین وگەڕوسی ناوچەی سنە ، لە لای باکورەوە دەست پێدەکات شۆڕدەبێتەوە بەرەو خوارووی کوردستان و لە هەردوو دیوی خانەقین (ئەحمەد:٢٠١٥::٥)لەدەوروبەری کەرکوک لەگوندەکانی(جەوەجەوە،قولی بەگ،دووبزنی ، قادرزەمە , حەسارتەها ، عەلی بەیان ، کارێز ، بیراڵک ، دارەختیار ، تەرەقە ، دووشیوان ، نەیبەسەرە ،...) چەندگ وندێکی ترنیشتەجێن . تێکرای گوندەکانی شوان ژمارەیان (٦٧) گوندە و(١٧) گوندیان بەشێوەزاری باشور ئاخاوتن دەکەن ، وەکو شێوەزاری خانەقین و بەدەروسەعدییە. هەروەها لە گوندی (کتکەکە) لە ناوساڵە یەکە بەهەمان شێوەزاری شوانی کێشک ئاخاوتن دەکەن.(حوسێن:٢٠١١:٥٢) کەوا لە ناوکەرکوک لەگەڕەکەکانی ڕەحیماواو تەپە نیشتەجێن.

کەواتە : لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت بەپێی ئەو دابەشکردنانەی کە بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراون شێوه ئاخاوتنی کەرکوک بەشێکە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ؛ بەڵام بە پێی ئەو گەڕان ولێکۆڵینەوانەی کەبۆ ئەم شێوەئاخاوتنە بەئەنجامان گەیاندوە ئەوەمان بۆدەرکەوتوە ،لەسنوری پارێزگای کەرکوك چەند شێوەئاخاوتن بوونی هەیە لەوانە:( زەنگەنە ،ڕۆژبەیانی ،کاکەی ،شێخان ، شوان ، کێشک) هەریەکە لەم شێوە ئاخاوتنانە دەچنەوە سەریەکێک لەدیالێکتەکانی زمانی کوردی ، شێوە ئاخاوتنی زەنگەنە و کاکەیی سەربە دیالێکتی( گۆران )ن ، شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانی ،شوانی (کێشک) ،شێخان سەر بە دیالێکتی ( لوڕ ) ، شێوەئاخاوتنی شوان سەر بە دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست )ە ، کەواتە لەکۆی چوار دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی لەم سنورە سێ دیالێکت بوونی هەیە.

## ١-٢ - بەندی دووەم

### 1-2-1- چەمک و زاراوه و پێناسەی دیالێکتۆلۆجی

دیالێکتۆلۆجی زانستێکی سەر بەخۆیە و لە دیالێکتەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی زاراوەوە ، لە دووبەش پێکهاتوە ، لە یەکگرتنی زاراوەی (دیالێکت -Diialect) ،زاراوەی (لۆجی-Logy)، بە هەردووکیان زاراوەی (دیالێکتۆلۆجیا-Dialectology) یان پێکهێناوە . بە واتای زانستی دیالێکتەکان (دیالێکتناسی-زارناسی) لەزمانی کوردیداو ،(علم الهجات) لەزمانی عەرەبیدا دێت . (ئەحمەد:٢٠١١:٢٩) سەرەتای لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان، لە سەردەستی کۆمەڵێک زمانەوان ، لەوانە : ( جاستۆن ، تۆرتۆلۆن ، برینجیە ، ئەنتۆن تۆماس ، ڕۆسلۆن ،چیلیرۆن ) بوە،لەم بوارەوە هەنگاوی گەورە و بەرەوپێشەوە یان ناوە.

١-جاستۆن : یەکێک بوە لەزمانەوانە بەناوبانگە کانی (فۆنەتیک) ، یەکەم فەرەنسی بوە بە پێویستی زانیوە لێکۆڵینەوە لە بارەی دیالێکتکان ئەنجامبدرێت بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیمانگای خوێندنی باڵا بەشێکی تایبەتی بە

دیالێکتۆلۆجی بە ناوی ( Ecole Pratiquedes Hautes Etades) دامەزراند.

٢- (ڕۆسۆ) و (چیلیرۆن) بەیەکێک لە زمانەوانە بەناوبانگەکانی بواری لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆجیا دادەنرێن ، (ڕۆسۆ) گرنگی بەلایەنی فۆنەتیکی دیالێکتەکان داوە ، بەڵام (چیلیرۆن) گرنگی بەلایەنی سیمانتیکی دیالێکتەکان داوە.(واڤی:٦٢-٦٣:ب.چ).

ئامانج لەم لێکۆڵینەوانە کۆکردنەوە و وەسف کردنی زانستیانەیە بۆ دیالێکتەکان، تاکو بە شێوەیەکی زانستیانە تۆماریان بکەن و نەهێڵن لە ناوبچن ، چونکە لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆجیاو ، پەیدابوونی ڕۆژنامە وگۆڤارو تەلەفیزیۆن و ڕادیۆو ئنتەرنێت...هتد، وە لە ئەنجامی خوێندەواری و هۆشیاری خەڵکی گوندەکان وزیادبونی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش وادەکات هێواش هێواش زمانی فەرمی جێگای دیالێکت و ئەکسێنی ناوچەیی بگرێتەوە.(سالح:٦٢:٢٠١٧-٦٣)زمانەوانان هەریەکە بەشێوەیەک لەم بابەتەیان ڕوانیوە. ( David John Britain)دەڵێت :(دیالێکتۆلۆجی لێکۆلینەوەیە لە جیاوازی وشەی فەرهەنگی وپێکهاتە بنچینەییەکانی نێو زمانێک، هەروەها پەیوەنی هەیە لەگەل لێکۆلینەوەی گۆڕانی جوگرافی،بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەکان ،بەڵام لەئێستادا هەندێک کاری دیالێکتۆلۆجی بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر گۆڕانی کۆمەڵگا لەناوچە گوند نشینەکان.) (حەمید:٢٠٢٠:٤١) (عبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد) لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت : ((دیالێکتۆلۆجی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دیالێکتەکانە)) ، یاخود ((دیالێکتۆلۆجی لقێکە لە زمانەوانی و لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی زمان لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی و کۆمەڵایەوە دەکات یان لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دیالێکتەکانە.)) (ئەحمەد:٢٠١١:٣٢) (دیالێکتۆلۆجی لقێکە لەلقەکانی زمانەوانی لێکۆلینەوە لە زمانێکی دیارکراو دەکات، لە ڕووی شیکردنەوەو وەسفکردنی هەمەجۆری ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی، کە چۆن ئەو هەموو گۆڕانە لەدرکاندن ،ڕێزمان ،وشە فەرهەنگی پەیدادەبێت ،هەروەهادیاری دەکات چۆن ئەو هەموو هەمە جۆریە جوگرافیە پەیدادەبێت.) (عەلی ،عەبدولا:٢٠١١:٢٤)

هەروەها (محمدحسێن عبدالعزیز ) دەڵێت : ((دیالێکتۆلۆجی لقێکی زمانەوانیە، گرنگی بەڕاڤەکردن و وەسفکردنی ئەو جیاوازیانە دەدات کە لە دیالێکتەکانی زمانێکدا بەدی دەکرێت.)) (عبدالعزیز:١٩٨٣:١٥٥) کەواتە . دەتوانین بڵێین هەموزمانەکانی جیهان لەگەشەوگۆڕاندان لە توانای کەسیشدانیە ئەو گۆڕانانە ڕابگرێت ،چونکە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ وایکردوە ئەوگۆڕانانە ڕوبدات ، لێکۆلینەوە لە دیالێکتەکان (دیالێکتۆلۆجی) بەسەروەت وسامانێکی گرنگی زمانی مرۆڤایەتی دادەنرێت، چونکە پارێزگاری ڕێزمان ووشە فەرهەنگی وئاخاوتنی ئاخێوەران لەقۆناغە جیاوازەکان دەکات ولەفەوتان و لەناوچون دەیان پارێزێت.

### 1-2-2- جۆرەکانی دیالێکتۆلۆجی . ( Dialectology ):

ئەولێکۆڵینەوانەی لەبارەی دیالێکتۆلۆجیاوە ئەنجامدراون، بەتێپەڕبوونی کات وسەردەم گۆڕانیان بەسەرداهاتووە ، ئەم گۆڕانانەش بوتە هۆی درووستبوونی چەندین جۆری دیالێکتۆلۆجی، کە ئەوانیش بریتین لە:دیالێکتۆلۆجی (کلاسیکی، کۆمەڵایەتی ، ،ڕۆنانی ، بەرهەمهێنان ، جوگرافی،...هتد )، لێرەدا بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەین:

### 1-2-2-1- دیالێکتۆلۆجی کلاسیکی – ( Traditional dialectology ) :-

ئەم جۆرەیان بەکۆنترین جۆری دیالێکتۆلۆجی دادەنرێت-،تاکوسەدەی بیستەم لێکۆلینەوەی زۆری لە بارەوە ئەنجامدراوە. لە لێکۆلینەوەکاندا بەکارهێنا-نی ئەم جۆرەیان شێوازێکی زاڵ وباوی هەبووە، کە ئێستاش بۆ کۆکردنەوەی دیالێکتە جوگرافییەکان سود لەم جۆرەیان وەردەگرێت .بۆ پاراستنی دیالێکتەکان لەمەترسی فەوتان و لە ناوچوون.(حەمید،سەعید:٢٠١٩:٤٢٠).

دیالێکت ناسە کلاسییەکان لە لێکۆلینە وەکانیاندا دیالێکتێک لەبەرچاودەگرن ، لەڕێگای تۆمارکردنی دەنگی چەند ئاخێوەرێکی ئەو دیالێکتەوە تایبەتمەندی سیستمی دەنگی ،وشە فەرهەنگی ، ڕێزمانی ئەوزارە ناوچەییە شیدەکەنەوە ، لە و لێکۆڵینەوانەدا ، کۆمەڵگای گوند نشین هەڵدەبژێرن، وە پێویستە ئاخێوەر خەڵکی ڕەسەنی ئەو لادێیە بێت و بە سالاچوبێ ، وە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی نەگۆڕیبێت واتە کۆچی نەکردبێت بۆشوێنێکی تر،چونکە :

١- گۆڕانی زمانی لە کۆمەڵگای لادێییەکان کەمتر گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە لە چاوکۆمەڵگای شارنشین .

٢-هەروەها جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای لادێیی کەمترە لە چاو کۆمەڵگای شاری.(شیری:١٣٨٦:٤٣)

ئامانج لەم جۆرە لێکۆینەوانە بریتیەلە:

١- پاراستنی دیالێکت یان دیالێکتی ناوچەیی(شێوەزار) ەکانە، پێش ئەوەی لە ناوبچن.

٢- بەدەستهێنانی دیالێکت یان دیالێکتی ناوچەیی پەتی و ڕەسەن ،چونکە لەگەڵ گۆڕانی سەدەم بەهۆی زمانی فەرمییەوە توشی لەناوچون دەبن.(سالح:٢٠١٧:٦٥)دواتر لێکۆلەر ئەو ڕاپرسی و تۆماری دەنگی ئاخێوەران کە لەکاتی چاوپێکەوتنی دیالێکتە ناوچەییەکان کۆی دەکاتەوە فۆرم ومانا وگۆکردنی وشەکان لەسەر نەخشەو ئەتڵەسی زمانی دیاری دەکات.

**1-2-2-2- دیالێکتۆلۆجی کۆمەڵایەتی ـ ( social dialectology ) :**

زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە ،مرۆڤ لەهەر شوێنێک بژێت کاریگەری ئەو زارە کۆمەڵایەتییەی بە سەرەوە دیار دەکەوێت و گرنگی دەداتە ئەوشێوە ئاخاوتنەی کە ئەو خەڵکەی دەوروبەری بەکاری دەهێنن .
هەرچەندە تایبەت مەندی کۆمەڵایەتی زمان بەشێوازێکی گشتی لەلایەن زمانە وانانەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە ،بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆ بەرۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەدرووستکردن و گۆڕانکاری زمان نەدراوە .هەربۆیە لێکۆڵینەوەکانی (ویلیام لابۆڤ) مامۆستای زانکۆی (بنسلفانیا)وەکوهەنگاوێکی بنەڕەتی لەم بوارەدادەنێن چونکە لەتوێژینەوەکانیدا بۆیەکەمین جار سودی لەشێوازەکانی کۆمەڵناسی وزمانناسی وەرگرتووەو تێکەڵی بگۆڕی زمانی کۆمەڵایەتی و بە شێوازێکی زانستی رێک پیشانداوە، بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی (لابۆڤ) جۆراوجۆرییە زمانییەکان بوە بەپێی گۆڕانە کومەڵایەتییەکان ،پاشان لەپاڵ ئەو توێژینەوانە دا رەهەندەکانی تری زمان گرنگیان پێدرێت .(مدرسی:٣٣-٣٤ :١٩٣٩) هەرلەبارەیەوە (علی اکبر شیری) دەڵێت: (شێوازی ئاخاوتنی کەسەکان ئاستی پێگەو چینی کۆمەڵایەتیان نیشان دەدات،هەر لەبەر ئەوهۆکارەش، باشتر وایە باسی جیاوازی و وەکیەکی ئاخاوتنی کەسەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و جوگرافیەوە لێکۆڵینە وەیان لەبارەوەئەنجام بدرێت چونکە زاری هەرکەسێک تایبەتە بە خۆی و بەپێی ئەوتایبەت مەندییەی کەلە ئاخاوتنی کەسەکاندا هەیە دەتوانین پلەی خوێندەواری ،چینی کۆمەڵایەتی ،شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوکەسە دیاری بکەین.) (شیری:١٣٨٦:١٣٢) کەواتە دەتوانین بڵێین:دیالێکتۆلۆجی کۆمەڵایەتی لقێکە یان بوارێکە لە بوارەکانی دیالێکتناسی،کەتیایدا لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکان لەسەرئاستی کۆمەڵگایەک بە لە بەرچاوگرتنی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان وەک چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدات.

**1-2-2-3- دیالێکتۆلۆجی رۆنانی ـ ( Structural dialectology ) :**

سەرەتای سەرهەڵدانی دیالێکتۆلۆجی رۆنانی ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٤) ئەمەش لە کاتێکدابووە ، کە ( ئۆریێل وێنرچ UrielWeinreich) وتارێکی لەم بارە نووسی بە ناونیشانی ( Is a structural dialectology possible)، واتە ( ئایا دیالێکتۆلۆجی رۆنانی گونجاوە.؟) هۆکاری دانانی ئەوناونیشانەش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە زمانناسانی ئەوکات باوەڕیان وابوو ،سیستەمی زمانەوانی دەبێت تەنیا تایبەت بێت بە وشەی زمانەوانی ، بەبێ گەڕانەوە بۆ تایبەت مەندی سیستەمێکی تر. (حەمید:٢٠٢٠:٤٦) زمانەوانانی رێبازی رۆنانی هەوڵیانداوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گرنگی بەشیکردنەوەی ئاستەکانی زمان بەشێوەی جیاجیابدەن .(مهدی مشکوەالدینی) لە رووی دیالێکتۆلۆجی رۆنانیەوە دەڵێت : ( لەم جۆرەی دیالێکتۆلۆجیدا ئاستەکانی زمان بەشێوەی جیاجیا باسی لێوە دەکرێت ، بەشێوەیەک لێکۆلەر لەسەرەتاوە باسی ئاستی فۆنۆلۆجی دەکات ،دواتر بێتە سەرئاستی مۆرفۆلۆجی) (سالح:٢٠١٧:٦٧) دیالێکتۆلۆجی جەخت لەسەرجیاوازی دەنگی دەکات (Henery soiyet) بە یەکێک لە پێشەنگەکانی رێبازی رۆنانی دادەنرێت ، جیاوازی لێکۆڵینەوەی رۆنانی لە گەڵ لێکۆڵینەوەکانی زارناسی لەوەدایە ،دیالێکت ناسی رۆنانی جیاوازی لەنێوان دووجۆر دەنگدا کردوە،یەکێکیان ئەودەنگانەیە کەجیاوازییە کەیان لەسەربناغەی دەوروبەری دەنگییەکەیان لەزماندایەو ناگۆڕێن،دووەمیان ئەودەنگانەی کەدەتوانن جیاوازی لەنێوان دوو وشەدادروست بکەن وەکو دووفۆرمی لێکسیکی جیاوازبیانخەنەڕوو.(سلوا:٢٠١٦:٣٧) هەروەها (نادرجهانگیر) لەبارەجیاوازی نێوان دیالێکتناسی کلاسیکی ورۆنانی لەوەدایە (دیالێکتناسە رۆنانەکان لەبارەی دابەشکردنی سنوری وەکیەکیەکانەوە، وێنەیەکی ئاڵۆزتر لەزارە کلاسیکەکان پیشان دەدەن،چونکە زارناسی ۆنانی جەخت لەسەر جیاوازییە فۆنێمییەکان دەکات ،وەک سیستەمی فۆنێمی،پەیوەندییەکانی فۆنێمی ئەلۆفۆنی وشوێنی پەیدابونی فۆنێمەکان لەناومۆرفێمەکاندا.) (جهانگیر:١٣٧٣:٨٩)کەواتە دیالێکتۆلۆجی رۆنانی : بریتیە لەلێکۆلینەوەی دیالێکت یان دیالێکتی ناوچەیی (شێوەزار ) بە لە بەرچاوگرتنی ئاستەکانی زمان.

**1-2-2-4- دیالێکتۆلۆجی بەرهەمهێناز ( Geneerative dialectology ) :**

دیالێکتۆلۆجی بەرهەمهێنان لەساڵی ١٩٥٧ لە پاش پەیدابوونی رێزمانی (بەرهەمهێنان وگوێزانە) وە، بڵاوبوونەوەی کتێبە بە ناوبانگەکەی (نوام چۆمسکی ـ Noam Chomsky) زمانەوان بەرەگەز ئەمریکی ـ بەناوی(رێزمان وپێکهاتن) باسی لێوەکرا. بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چۆمسکی گۆڕانکاریەکی گەورەی کردە سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەهەمان کاتدا کاریگەری هەبوو لەسەر لێکۆڵینەوە دیالێکتۆلۆجییەکان. چونکە تاکو نزیکەی ٣٠ساڵ زمانەوانە رۆنانی و دیالێکتۆلۆجی رۆنانی لێکۆلینەوەکانیان لەسەرکەرەستە کۆکراوە ناوچەیەکی زمانی دیاریکراو ئەنجامدەدا. لە دوای هاتنی چۆمسکی شێوازی کلاسیکی لەشیکردنەوەی زمانی رەتکردەوە ، ئەو دەڵێت: لە هەر شیکردنەوەیەکی زمانیدا پێویستە داهێنانی ئاخێوەر لەبەکارهێنانی یاساودەستوری زمانی لە بەر چاو بگیردرێت).

(جهانگیری:١٣٧١:٩٠) هەروەها پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە یاساکانی بەرهەمهێنانی دیالێکتەکان لەسەربنەمای لێکدانەوەی بەڵگەکانی ناوەوەی زمان دابە، نەک لێکدانەوەی کەرەستە مێژووییەکانی زمان. ڕێزماننوسانی بەرهەمهێنەری دیالێکتەکان لەو باوەڕەدان ،کە گشتگیربوون و سروشتی بوون ئابووریکردن یاسا و بنچینەی لێکدانەوەیە ،بۆیە زۆربەی ئەو تایبەت مەندیانەی کە نێوان دیالێکتە کاندا هاوبەشە ،بە باشترین شێوە یاساکانی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی زمانی دادەپۆشێت. هەروەها پێیان وایە ئەو ئەنجامەی لەشیکردنەوەی مێژووی زمان وەک بوارێک لە گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەدەستی دەهێنن ، دەبێ لە سەربنەمای ڕیزبەندی جیاوازی یاساکان لە قۆناغە جیاوازەکانی گۆڕانی پێکهاتە زمانییەکان پێشکەش بکرێت.(حەمید،سەعید:٤٢٠:٢٠١٩) پێویستە دیالێکتۆلۆجی بەرهەمهێنان پشتگیری لە دووجۆر ڕێبازی فۆنۆلۆجی بکرێت. ئەوانیش:

**یەکەمیان** : فۆرمە بنچینەییە دیاریکراوەکان (جەخت لێکراوەکان) ،کە فۆرمێکی فۆنۆلۆجییە ،تیایدا بڕگە لێکسێکییەکان لەناو فەرهەنگدا دابنرێت.

**دووەمیان :** یاسا فۆنۆلۆجییەکان فۆرمە بنچینەییە جەخت لێکراوەکان بۆفۆڕمی ئاشکرا دەگۆڕن ،دواتر دەبنە دەربڕینێکی واقیعی. **کەواتە:** دەتوانین بڵێین دیالێکتۆلۆجی بەرهەمهێنان برییتیە: لە بەکارهێنانی چەمکەکان و دۆزینەوەیان لەڕوانگەی فۆنۆلۆجیْ بەرهەمهێنانەوە بۆ شیکردنەوە و بەراوردکردنی دیالێکتە جیاوازەکان.(chambres&Ttudgill:2004:40 ).

**1-2-2-5- دیالێکتۆلۆ جوگرافی .( Geography dialectology ):**

یەکێکە لەگرنگترین جۆرەکانی دیالێکتۆلۆجی، لێکۆلەران لەم بارەیەوە چەندها ،لێکۆڵینەوەیان بەئەنجام گەیاندوە ،چەندین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە.سەرەتای سەرهەڵدانی دیالێکتی جوگرافی دەگەڕیتەوە بۆ زمانەوانی بەناوبانگی ئەڵمانی (جۆرج وینکەر ـ ١٨٧٦) یەکەم هەوڵی (وینکەر) ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی، کە پێکهاتبوو لە چەند لیستێک، چەندین ڕستەی بەزمانی ئەڵمانی تێدا نوسرابوو . بۆ هەموو قوتابخانەکانی باکوری ئەڵمانیای نارد، داوای لێکردن کە ڕستەکان بە شێوەزاری گۆکردنی (دیالێتی ناوچەیی) بنوسن لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کەهەمان سیستەمی ڕێزمانی بەکارهاتوە بەڵام جیاوازی لەشێوازی گۆکردنیاندا بەدیدەکرێت.) (Chambers,Trudgill: 2004:15 )هەرلەم بارەیەوە (سۆسێر) دەڵێت : ( دابەشبوونی جوگرافی کاریگەری لە سەر زمان و دیالێکتەکانی درووست دەکات ،بەڵام ئەوگاریگەرییە جیاوازی لەسیستەمی زمان پەیدا ناکات.)

(سۆسێر:١٩٨٥:٤٠) واتە هەمان سیستەمی زمان بەڵام شێوازی گۆکردنی جیاواز، هەمووزمانێک خاوەن چەندین فۆرمی جۆراوجۆرە ، دابەشبونی جوگرافیا یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو جۆرا وجۆرییە . هەروەها بوونی جۆراوجۆری فۆڕمەکان ،لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو بەتێپەڕبوونی کات پەیدادەبێت، بەجۆرێک دیالێکتە جۆرا و جۆرەکانی زمانێک دابەشی سەر دیالێکتی(جوگرافی، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی ) دەبن. (سلوا:٢٠١٧:٧٩) بەبۆچوونی (David crestal) (دیالێکتۆلۆجی جوگرافی لێکۆڵینەوەیە لە زار و شێوەزارەکانی زمانێک لەڕوانگەی دابەشبوونی جوگرافیەوە.) (ئەحمەد:٢٠٠٩:٧٤) هەروەها (Chhamberstrudgill) دەڵێت : (( دیالێکتۆلۆجی جوگرافی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانێک لەڕوانگەی دابەشبوونی ناوچەییەوە))
13):( chambers,trudigll:2004

(ڕۆبێرت ـ تراسک)لەبارەی دیالێکتۆلۆجی جوگرافیەوە دەڵێت: (بریتیە لەکۆمەڵێک فۆرمی ناوچەیی ئاشکرا، کە لە ناوچە جیاجیاکانی دەڤەرێکی فراوان بەکادێت ) ( حەمید:سەعید :٤٢٠:٢٠١٩) چونکە دیالێکتۆلۆجی جوگرافی لە هەندێک لایەن ،لە گەڵ جۆرەکانی تری زمانەوانی ئامانجی هاوبەشیان هەیە ،لە گەڵ ئەوەشدارەنگە لە هەرناوچەیەکی جوگرافی ژمارەیەکی زۆر جۆراوجۆری زمانی هەبێت، بۆیە پێویست لێکۆلەری دیالێکتۆلۆجی جوگرافی لە سەرەتاوە بڕیاربدات کە لێکۆڵینەوە لەسەر کام کەرەستەی زمانی دەکات، ئینجا پێویستە ئەو داتایانە بە شێوەی چاوپێکەوتن یان گفتوگۆ یاخود ڕیکۆردکردنی دەنگی ئاخێوەرانی ئەو دیالێکتە ناچەییە کە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکات ،بەو شێوەیە لێکۆلەر دەتوانێ داتای باش کۆ بکاتەوە، کارەکەی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ئەنجام بدات. (سلوا :٢٠١٦:٦٠) کەواتە : دەتوانین بڵێین دیالێکتۆلۆجی جوگرافیْ بریتیە: لەبەدەست هێنانی کۆمەڵێک فۆرمی جۆراوجۆری زمانی،دیالێکت یان دیالێکتی ناوچەیی، بەلەبەرچاوگرتنی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو.

**بەشی دووەم :**

**١-٢- شیکردنەوەی یاسافۆنۆلۆجییە گۆڕاوەکان لەشێوە ئاخاوتنەکەدا:**

***گۆڕاوی ژمارە (١) [mʉru] لەم وشەیەدا:**

**ناوەند کەرکوک:**

١- لەهەموو گەرەکەکان گۆڕینی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ڤاوڵی [ʉ] گۆڕاوە بۆ[i] ، بەرەوپێشەوەچون وداخراوبوون ڕوویداوە.[miru]

٢- لەچوارگەڕەک گۆڕینیەوەی ڤاوڵ وپەیدابوونی کۆنسونانت ڕوویداوە.

آ- ڤـــاوڵی [ʉ] گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی [i] ،بەرەوپێشـــەوەچوون وداخراوبون ڕویاوە.

ب- ڤـــاوڵی [u] گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی [ɨ] ، ناوەڕاســـت بـــوون وداخراوبون ڕوویداوە.

پ- کۆنسونانتی [g] پەیدابوە. [mirɨg]

٣- لەیەک گەڕەک گــۆڕانی ڤــاوڵ وپەیــدابوونی کۆنســونانت ڕوویداوە.

أ- ڤـــاوڵی[ʉ]گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی [i] ، بەرەوپێشـــەوەچوون و داخراوبوون ڕوویداوە.

ب-ڤـــاوڵی [u] گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی[ ʉ]،ناوەڕاســـت بـــوون وداخراوبوون ڕوویداوە

پ- کۆنسونانتی [k] پەیدابووە. [mirɨk]

٤- لەدووگەڕەک گۆڕانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

أ- ڤـــاوڵی [ʉ] گۆڕاوەبـــۆ ڤـــاوڵی [i]، بەرەوپێشـــەوەچوون و داخراوبوون ڕوویداوە.

ب- ڤاوڵی [u] گۆڕاوە بۆڤاوڵی [o]،بەرەو دواوەچوون ونیمچە داخراوبون ڕویداوە[miro]

٥- لەیەک گەڕەک گــۆڕینی ڤــاوڵ، پەیــدابوونی کۆنســونانت ڕوویداوە.

أ- ڤـــاوڵی [ʉ]گـــۆڕاوە بـــۆ ڤـــاوڵی [i]، بەرەو پێشـــەوەچوون وداخراوبوون ڕوویداوە.

ب- کۆنسونانتی [g]پەیدابوە. [mirug]

٦- لەیەک گەڕەک ڤاوڵی [ʉ]گۆڕاوە بۆ [e]،بەرەوپێشەوەچون ونیمچە داخراوبوون ڕوویداوە.[meru]

٧- لەیەک گەڕەک وەکو خۆی بەکاردێت.[mʉru]

**دەوروبەر کەرکووک:**

١- لە سێ نــاحییە گــۆڕینی ڤــاوڵ وپەیــدابونی کۆنســونانت ڕوویداوە.

أ- ڤــاوڵی [ʉ] گــۆڕاوە بۆڤــاوڵی [i] ، بەرەوپێشــە وەبــوون وداخراوبوون ڕوویداوە.

ب- ڤاوڵی [u] گۆڕاوە بۆڤاوڵ [ɨ] ، ناوەڕاست بـوون ، داخراو بون ڕویداوە.

پ- کۆنسونانتی [g] پەیدابووە. [mirɨg]

٢- لە دوو ناحیە گۆڕینی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ڤــاوڵی [ʉ] گۆڕاوەبۆڤــاوڵی [e] ، بەپێشــەوەچون ونــیمچە داخراوبوون ڕوویداوە.[meru]

٣- لە دوو ناحیە گۆڕینی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ڤـــاوڵی [ʉ] گـــۆڕاوە بۆڤـــاوڵی [i]، بەرەوپێشـــەوەچوون وداخراوبوون ڕوویداوە. [miru]

٤- لە سێ ناحیە گۆڕینی ڤاوڵ ڕوویداوە.

أ- ڤـــاوڵی [ʉ] گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی[i]،بەرەوپێشـــەوەچون وداخراوبوون ڕوویداوە.

ب- ڤاوڵی [u]گۆڕاوەبۆڤاوڵی [iː]،بەرەوپێشەوەچون ونـیمچە داخراوبوون ڕوویداوە.[miriː]

٥- لە سێ نــاحیە گــۆڕینی ڤــاوڵ وپەیــدابوونی کۆنســونانت ڕوویداوە.

أ-ڤاوڵی [ʉ] گۆڕاوەبۆڤاوڵی [e] ، بەرەو پێشەوەچوون ونیمچە داخراوبوون ڕوویداوە


ب-ڤاوڵی [u] گۆڕاوەبۆڤاوڵی [ɨ]،ناوەڕاست بوون وداخراوبون ڕوویداوە.

پ-کۆنسونانتی [g]پەیدابووە. [merɨg]

٦-لە دوو ناحییە گۆڕینی ڤاوڵ ڕوویداوە.

أ-ڤـاوڵی [ʉ]گـۆڕاوە بۆڤـاوڵی [o]،بەرەودواوە چـون ونـیمچە داخراوبوون ڕوویداوە.

ب-ڤـــاوڵی [u]گۆڕاوەبۆڤـــاوڵی [i]،بەرەوپێشـــەوەچو ن ونیمچەداخراوبوون ڕوویداوە. [mori]




***گۆڕاوی ژمارە(٢)[sur] ،لەم وشەیەدا:**

**ناوەند کەرکوک:**

١-لەسێ گەڕەک ڤـاوڵی [u] گـۆڕاوە بـۆ دیڤـتـۆنگی [ui]،توتشی-درێژبونی دەنگ وداکشانی ئەندامانی ئاخاوتن بوە.[suir]

٢-لەیەک گەڕەک ڤـــــــــــــــــــــــــــــــــــاوڵی [u]گۆڕاوەبۆڤـاوڵی[o]،بەرەودواوەچـون و نـیمچە داخراوبـوون ڕوویداوە.[sor]


٣-لەسێ گەڕەک وەکوخۆی بەکاردێت .[sur]

**دەوروبەرکەرکوک:**

١-لە پێنج ناحییە ڤاوڵی [u]گۆڕاوەبۆدیفتۆنگی [ui]،درێژبوونی دەنگ و داکشانی ئەندامانی ئاخاوتن ڕوویداوە. [suir]

٢-لەیەک ناحیە ڤاوڵی [u]گۆڕاوە بۆدیڤتۆنگی [ue]،درێژبون و داکشانی ئەندامانی ئاخاوتن ڕوویداوە. [suer]

٣-لەسێ ڤاوڵی [u]گۆڕاوەبۆڤاوڵی[o]،بەرەودواوەچون ونیمچە داخراوبوون ڕوویداوە. [sor]




***گۆڕاوی ژمارە(٣) [gɨsɨk] ،لەم وشەیەدا:**

**ناوەند کەرکوک:**

١-لە چوار گەڕەک گۆڕینی کۆنسونانت ڕوویداوە.

کۆنسونانتی [s]گۆڕاوە بۆ[z]،توشی گڕ بوون بوە.[gɨzɨk]

٢-لە دوو گەڕەک گۆڕینی کۆنسونانت ڕوویداوە.

أ-کۆنسونانتی [s]گۆڕاوەبۆ[z]،توشی گڕبوون بووە.

ب-کۆنسونانتی[k]گۆڕاوەبۆ[g]،توشی گڕ بوون بوە.[gɨzɨg]

٣-لە دوو گەڕەک گـــۆڕینی ڤـــاوڵ ولەنـــاوچونی کۆنســـونانت ڕوویداوە.

أ-کۆنسونانتی [s]گۆڕاوە بۆ[z]،توشی گڕبوون بوە.

ب-ڤـــاوڵی [ɨ]گۆڕاوەبـــۆ[i:]،بەرەوپێشـــەوەچون وداخراوبـــوون ڕوویداوە.

پ-کۆنسونانتی[k] لەناوچوە.[gɨzi:]

٤-لەدووگەڕەک وەکوخۆی بەکاردێت.[gɨsɨk]

**دەوروبەری کەرکوک:**

١- لە هەموو ناحیەکان گۆڕینی کۆنسونانت ڕوویداوە.

أ-کۆنسونانتی [s]گۆڕاوە بۆ[z]،توشی گڕبوون بوە. [gɨzɨk]

٢-لەدووناحیە توشی گۆڕینی کۆنسونانت بووە.

أ-کۆنسونانتی[s]گۆڕاوەبۆ[z]،توشی گڕبوون بوە.

ب-کۆنسونانتی [k]گۆڕاوە بۆ [g] ،توشی گڕبون بوە.[gɨzɨg]

٣-لە چوار ناحیە گۆڕین و لە ناوچونی کۆنسونانت ڕوویداوە.

أ-کۆنسونانتی [s]گۆڕاوە بۆ [z]،توشی گڕبون بوە


ب-ڤاوڵی [ɨ] گۆڕاوە بۆ [i]،بەرەو پێشەوەچون و داخراو بوون ڕوویداوە.

پ-کۆنسونانتی [k]لەناوچوە.[gɨzi:]

٤-لە سێ ناحیەگۆڕینی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە .

أ-کۆنسونانتی [g]گۆڕاوە بۆ[ʤ]،ئەفریکەت بوون ڕوویداوە.

ب-ڤـــاوڵی [ɨ]گـــۆڕاوە بـــۆ[e]،بەرەوپێشـــەوەچوون ونـــیمچە داخراوبوون ڕوویداوە.[ʤesɨk]




***گۆڕاوی ژمارە (٤) [ħəɯɨt] ،لەم وشەیەدا:**

ناوەند کەرکوک:

١- لەچـــــوار گەڕەک نـــــیمچە کۆنســـــــونانتی [ɯ]گۆڕاوەبۆ[f]،نەرمبوون ڕوویداوە.[ħəfɨt]

٢- لە سێ گەڕەک گۆڕینی کۆنسونانت ڕوویداوە.

آ- کۆنسونانتی[ħ]گۆڕاوە بۆ[h]،بەژێبوون ڕوویداوە.

ب-نـــیمچە کۆنســـونانتی [ɯ]گـــۆڕاوە بـــۆ[f]،بەنەرمبـــوون ڕوویداوە.[həfɨt]

٣-لەسێ گەڕەک وەکوخۆی بە کاردێت.[ħəɯɨt]


**دەوروبەر کەرکوک:**

١- لە شـــە ش نـــاحیە نـــیمچە کۆنســـونانتی [ɯ] گـــۆڕاوە بۆ[f]،نەرمبوون ڕوویداوە.[ħəfɨt]

٢- لە چوار ناحیە گۆڕینی کۆنسونانت ڕوویداوە.

أ- کۆنسونانتی [ħ] گۆڕاوە بۆ[h]،بەژێبون ڕوویداوە.

ب-نـــیمچە کۆنســـونانتی [ɯ] گـــۆڕاوە بـــۆ [f]،بەنەرمبـــوون ڕوویداوە.[həfɨt]




***گۆڕاوی ژمارە (٥)[bazɨŋ]،لەم وشەیەدا:**

**ناوەند کەرکوك:**

١-لەسێ گەڕەک گۆنسونانتی [g]لەناوچوە.[bazɨn]

٢-لەدووگەڕەک ڤـــاوڵی [g]گۆڕاوەبـــۆ [ə]،ناوەڕاســـت بـــوون ونیمچە کراوەبون ڕوویداوە.[baznə]

٣-لەدووگەڕەک ڤاوڵی [ə]پەیدابوە.[bazɨŋə]

٤-لەیەک گەڕەک کۆنســـونانتی[g]گۆڕاوەبـــۆ[k]،کـــپ بـــوون ڕوویداوە.[bazɨnk]

٥-لەهەموو گەڕەکەکان وەکو خۆی بەکاردێت.[bazɨŋ]

**دەوروبەرکەرکوک:**

١-لەچوارناحییە کۆنسونانتی [g]لەناوچوە.[bazɨn]

٢-لەدووناحیە کۆنسونانت [g]گۆڕاوەبۆ[k]،کپبوون ڕوویداوە.[bazɨnk]

٣-لەیەک ناحیە لەناو چوون و پەیدابووە ڕوویداوە.


أ- کۆنسنانتی [g] لەناو چووە.

ب- ڤاوڵی [ɨ] لەناوچووە.


پ- ڤاوڵی [ə] پەیدابووە [bazɨnə]


٤-لەدوو ناحیە ڤاوڵی[ə] پەیدابووە[bazɨŋə].


٥- لەشەش ناحیە وەکو خۆی بەکاردێت [bazɨŋ]





**٢-٢- دابەشبوونی گۆڕاوە زمانییەکان لەسەر ئەتڵەسی شێوە ئاخاوتنی کەرکوک**




**ئەنجام**

له ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتین بە وەی ، بوونی شێوە ئاخاوتنی جیاواز لەم پارێزگایە و هەریەکە یان دەچنەوە سەر لقێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، هەروەها دووری شوێنی جوگرافی و لەیەک نزیکی نێوان شێوە ئاخاوتنەکان ، هۆکاری سەرەکی بوونی جیاوازی ، سەر هەڵدانی بگۆڕە زمانییەکانە ، ئەمەش وایکردوە جیاوازیەکان لە ناوەندی کەرکوک دەوروبەری کەرکوک وەکو یەک نین ، لە هەندێك شوێن جیاوازیەکان کەمە ، وە لە هەندێك شوێن جیاوازییەکان زۆرە

هەندێک سیمای ئەوگۆڕانانش بریتین لە:

١-دەنگە ڤاوڵەکان و کۆنسونانتەکان هەردووکیان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە ،بەڵام ڕێژەی گۆڕانی ڤاوڵەکان زیاترن وەک لەگۆڕانی کۆنسونانتەکان .بەزۆری گۆڕانی ڤاوڵەکان پێکدێت لە : ( ناوەڕاست بوون ، داخراوبوون ، بەرەوپێشەوەچون ، بەرەودواوەچون ، داکشانی ڤاوڵ ، هەڵکشانی ڤاوڵ) .

٢-گۆڕینی کۆنسونانتەکان بەزۆری بە شێوەی لەناوچونی کۆنسونانت ،پەیدابوونی کۆنسونانت ڕوویانداوە .

**پاشکۆی ژمارە (1)**

| ژمارە | پرسیار | وەڵام | درکاندن |
|---|---|---|---|
| ١. | ئەوملوانەکەیەلەچی درووستکراوە؟  | میروو- میرگ | |
| ٢. | ڕەنگی ئەوگوڵەچۆنە؟  | سوویر – سوێر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣. | ئامالْ بەچی دەماڵی ؟  | گسك – گزی | |
| ٤. | ئەمە ژمارە چەندە ؟  | حەوت – حەفت | |
| ٥. | ئافرەت بۆجوانی لەدەستی دەکات ؟   | بازنگ – بازن | |

**پاشکۆی ژمارە (2)**

چۆنیەتی گۆکردنی گۆڕاوە فۆنۆلۆجیەکانی لێکۆڵینەوەکە :

ناوەند کەرکوك :

| mʉru | sur | gɨsɨk | ħəwɨt | bazɨŋ |
|---|---|---|---|---|
| [miru]<br>[mɨrɨg]<br>[miro]<br>[mirɨk]<br>[meru]<br>[mʉru] | [suir]<br>[sor ]<br>[sur ] | [gɨzɨk]<br>[gɨzɨg]<br>[giz:]<br>[gɨsɨk] | [ħəfit]<br>[ħəfit]<br>[ħəwɨt] | [bəzɨn]<br>[bazɨg]<br>[bazɨnk]<br>[Bazɨŋ] |

دەوروبەر کەرکوك :

| mʉru | sur | gɨsɨk | ħəwɨt | bazɨŋ |
|---|---|---|---|---|
| [miru]<br>[meru]<br>[mirɨg]<br>[miri:]<br>[merɨg]<br>[mori] | [suir]<br>[suer]<br>[sor] | [gɨzɨk]<br>[gɨzɨg]<br>[gɨzɨ:]<br>[ʤesɨk] | [həfit]<br>[həfit] | [bazɨn]<br>[baznə]<br>[bazɨnk]<br>[bazŋə]<br>[bazɨŋ] |

## سەرچاوەکان :


١- ئەحـمەد ، عەبـدولمەنافرەمەزان.( ٢٠١١)، ئەتـڵەسی زمـانی هەرێـمی کوردستانی عێراق وەك نمونە ،چاپی یەکەم چاپخانەی خانی ، دهۆك .

2- ئەحـمەد ، سـیروان سـمین.( ٢٠١٥ ) ، دروسـتەی سـینتاکس لەشـێوە ئاخـاوتنی نـاوچەی کەرکوکـدا ، نـامەی ماسـتەر ، سـکوڵی زمـان ،زانکـۆی سلێمانی .

3- پـیرە، سـەرکەوت عەبـدوڵا حـاجی. ( ٢٠١٧ ) ،شـوێنی جـوگرافی نـاوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وکاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی یاد ،سلێمانی .

4- سـالح ، سـلوا فەریـق. ( ٢٠١٧ ) ، ئەتڵەسـا فۆنۆلـۆجی زمـانێ کـوردی پارێزگەها دهۆکێ ، چاپ ئێکێ، چاپخانە ترکیا، دهۆك.

5- سـالح، سـلوافەریق. (٢٠١٦) ، ئەتڵەسـا فۆنۆلۆجیـا زمـانێ کـوردی – پارێزگەهـا دهـۆکێ نامـا دکتـۆراێ ،پشـکا زمـانێ کـوردی فاکۆلتیـا زانسـتێن مرۆڤایەتی زانکۆیا زاخۆ .

6- شـوانی ، فـاتح عەبـدوڵا. ( ٢٠٠٥ ) ، پارێزگای کەرکـوك لە 1957–1977 ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی .

7- شـوانی ، ڕەفیـق محەمەد. ( ٢٠٠٩ ) ،زمانەوانی (کۆمەڵێک وتـار) ،چـاپی یەکەم چاپخانەی خانی ،دهۆك .

8- حەمید ، ساکار ئەنوەر - سەعید ، یوسف شـەریف ( ٢٠١٩ ) ،ئەتڵەسی بگۆڕە زمانییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی ، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ ،٤٣٣-٤١٦.

9- حوسێن ، سەرکەوت عەبدوڵا. ( ٢٠١١ )، شێوەزارەکانی شاری کەرکـوك ،بەرێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ،هەولێر .

10- حمیـد ،سـاکار ئەنـوەر. (٢٠٢٠) ،ئەتـڵەسی دەنگسـازی شـێوەزاری خۆشناوەت،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر .

11- عبـدالرحمن ،ئـاکۆ نجـم الـدين.(٢٠٢٢) ،دیاریـدەی مۆرفـۆ فـۆنێمی شێوەزاری ماچۆ لەسنوری شاری کەرکوکدا ،نامەی ماستەر ،کۆلێژی پەروەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین ، ڕانیە.

12- عەزیز ، سروە بەکر .(٢٠١٧) ،هەندێک لایەنی ڕێزمان لەشێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانیەکـانی کەرکوکـدا ، نـامەی ماسـتەر ،کـۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ ،زانکۆی ڕاپەڕین ، ڕانیە .

13- عەلی ،شێرادسەبری - عەبدوڵلا ، عەبدولسەلام نەجمەدین.( ٢٠١١ ) ،زمانڤانییا کارەکی ،چاپی یەکەم چاپخانەی خانی ،دهۆك .

14- کەریم ،شـوان محەمەد. ( ٢٠١٩ ) ، مەڵۆ ، چـاپی یەکەم ، چاپخـانەی کارۆ ،کەرکوك .

15- دی سوسـویر ،فردینانـد. ( ١٩٨٥ ) ، علـم الغەالعـالم ،تـرجمە یوئیـل یوسف عزیز ،دار افاق العربيە للصحافە والنشر ، بغداد .

16- طالبـانی ،نـوری. ( ١٩٩٥ ) ،مـنطقە کرکـوك ومحـاولات تغـير واقعهـا القومی ، لندن ، چاپخانەی وەزارەتی هەرێمی کوردستان ، هەولێر .

17- عبـدالعزيز ،محد حوسـێن .(١٩٨٣) ،مـدخل الی علـم الـغە ،الطبـاعە دارالنمر، القاهرە .

18- وافی ،عـلی عبـدالوافی. (ب.س .ط) ،علـم الطـبعە السـابعە ،الطبـاعە دارنهضە مصر، القاهرە.

19- جهـانگیری ،نـادر. ( ١٣٧٣ ) ،نگـاهی تـازە بەگویشی۔ شـناسی ،مجمـوعە مقاولات دانیشگاه علامە گباگبایی ،شمارە(٨٠) از ٨٣–١٠٠.

20- شیری ، علی اکبر. (١٣٨٦)، در بر گویش شناسی ،چاپ اول ، انتشارات مازیار ، تهران .

21- مـدرسی، يحـيی. (١٩٣٩) ،درأمـدی بـر جـامعە شـناسی زبـان موسسـە مگالعـات وتحقيـق هـای فـرهنگی وابسـتە بەوزارەت فرهنـگ وامـزس عـالی ،تهران .

22- Chambers, J.k &Truddgill, peter.( ,(2004Dialectolog ,2nd edition, cambridg, University prees, London.

23 -http : // hijar.news. السكانيە–کم عدد سکان العراق والکثافە% /